
## ئایا میدیا بۆی هەیە لە دەرگای مێژوو بدات؟

ئیسماعیل حەمەئەمین

# میدیای ئازاد بە هەڵدانەوەی ڕابردوو، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە نەگەڕانەوەی بەربەرییەت



**● رۆژنامەگەریی کوردیی بەردەوام خۆی بواردووە لەوەی کە کار لە رابوردودا بکات، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی رابوردوو هەرگیز ناتوانێت سوود بە ئایندە بگەیەنێت جگە لە کولانەوەی برینەکان و دەرخستنی راستیەتاڵەکانە ئەمەش لە روانینی کلتوری رۆژنامەگەریی کوردیدا واتە دروستکردنی شەڕێکی نا پێویست .**

**لەم تەوەرەیەدا نووسەر و روناکبیری دووره وڵات (ئیسماعیل حەمەئەمین) بە وردی و بە شێوەیەکی زانستی لەسەر چەمکی (کارکردن لە رابوردودا)دا قسە دەکات و ئەوە دەخاتە روو کە فەرامۆشکردنی رابوردوو واتە دروستکردنی بەربەرییەت.**

کارکردن لەسەر ڕابوردوو مانای زیندووکردنەوەی کێشە کۆنینەکان نییە، بەهەمان ئاڕاستەش مانای هەڵدانەوەی ئەو برینانە نییە کەدەمانەوێت لەبیر خۆمانی بەرینەوە، هەروەها مانای زیندووکردنەوەی فیتنە و ئاشووبێك نییە، هەوڵی لەبیرچوونەوەی بدەین. کارکردن لەسەر ڕابوردوو مانای خەتهێنانە بەهەموو ئەو ئەزمونە ناشیرینانەی پێدا تێپەڕیووین. لەسەرێکی دیکەشەوە مانای دۆزینەوەی ئێستایە لەهەناوی ئەزمونە کۆنینەکانمان، مانای بنیاتنانەوەی هۆشمەندییەکی نوێیە لەنێو داروپەردووی ڕووداوە لەبیرکراوەکانمان. بەم شێوەیە هەموو ڕابوردوویەك بۆ ئەوە باس ناکرێت شەڕی ئێستای پێبکەین،بەپێچەوانەوە بۆ لەبیرکردنی ئەزمونە ناشرینەکانمانە،لەبیرکردنێك دەتوانرێت ناوی (لەبیرچوونەویەکی ڕەوا)ی لێبنرێت .

کاتێك بیرمەندێکی گرنگی وەك (تیۆدۆر ئادۆرنۆ ) ئەم تێزەی سەرەوە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی فیکری و سایکۆلۆژی، هەست بەو ڕەهەندە کێشەئامێزانە دەکات کەئەم دەستەواژەیە لەگەڵ خۆیدا دەیجوڵێنێ، ئەویش شڵەقاندنی گۆمێك خوێنی تازەمەیبوی ڕابوردوویەکە، هێشتا ئاسەوارەکانی بەسەر ژیانی ئێستادا کاریگەرە. ئادۆرنۆ وەك بیرمەندێکی قوتابخانەیی ڕەخنەیی فرانکفۆرت لەکتێبێکیدا لەژێر ناونیشانی (**کارکردن لەڕابوردوودا مانای چی دەگەیەنێ؟**) و لە کتێبێکی دیکەیدا لەژێر ناونیشانی (**پەروەردەکردنێك دوای ئاوس شڤیز/ هۆلۆکۆست**) لەوبڕوایەدا بوو: مەبەست لەکارکردن لەسەر ڕابوردوو ئەوە نیە، ڕابوردوو بەجیدی وەربگیرێت و هۆشمەندیەکی ڕۆشن ڕێڕەوی تێکبشکێنێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە خەت بەژێردا بهێنرێت و هەتا لەتوانادا هەیە لەیادەوەرەیماندا بیکوژێنینەوە .. ..

ئادۆرنۆ لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا دووچەمکی دژ بەیەك کۆدەکاتەوە، بەوەی دەبێت کۆن زیندوو بکەینەوە لەپێناوی لەبیرکردنی، لەبیرچوونەوەیەك کەلەم گوتارەدا بەلەبیرچوونەوەیەکی دروست و مەشروع ناوی دەبەین. لەبیرکردنێك لەسەر بنەمای گۆڕەو شارکردرنی برینەکانی ڕابوردوو نییە، هێندەی لەسەر بنەمای هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانێتی. لەوانەیە خوێنەری ئەم گوتارە کورتە سەری لەوە بسوڕمێت بەوەی: چۆن دەتوانین وەبیرهێنانەوە خزمەتی لەبیرچوونەوەبکات؟،چۆن ڕابوردوو خزمەتی ئێستا دەکات بۆ لەبیرچوونەوەی خۆی وەك ڕابوردوویەك؟ چۆن یادەورەی خزمەتی ئێستا دەکات بۆ لەبیرچوونەوە؟،دوا پرسیار ئەوەیە، کاتێك ئەم هەموو کارە لەپێناو لەبیرچوونەوەدا بێت، کەواتە بۆ لەبیرکراوی دەستلێنەدراو ، دەهێنرێتە سەر ئاستی دەستلێدان و موکاشەفەو قسەلەسەرکردن ، بۆ هیچ نا ، تەنها لەپێناوی ئەوەی لەدوائامانجدا لەبیری بکەین؟!،ئەی کەواتە بۆ هەر لەسەرەتادا کێشەکان لەبیر نەکەین و وەك کایەکی کۆنینە وازی لێبهێنین و بەبای نەکەین ؟!

ئەمە ئەو پرسیارە ئیشکال ئامێزەیە کە ئادۆرنۆ لەدوای جەنگی جیهانی دووهەم لەئەڵمانیای دوای نازیەت ورووژاندی،پرسیارێك بوو بۆ نەوەی دوای نازیەت کەلەپێناو بنیاتنانەوە ئەڵمانیایەکی دیموکراسی کاریان دەکرد، گرنگیەکی مێژوویی و سیاسی و پەروەردەیی هەبوو. لەو بڕوایەشدام بۆ ئێمەی کورد و تەنانەت ئێراقی دوای بەعس گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەت گەر نەوەی دوای نازیەت لەپێناو زیاتر فراونکردنی پەراوێزەکانی دیموکراسی خەباتیان کردبێت ، ئەوا بۆ ئێمەی کورد لەپێناو بنیاتنانی کولتورێکی دیموکراسی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت .

ئەم دیدەی ئاماژەمان پێدا بەوەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابوردوو لەپێناو لەبیرکردنی ڕابوردووە، بۆچوونێکە بەدەسەڵاتی سیاسی نامۆیە و تاڕادەیەکیش ئاساییە دەسەڵات لەسەرەتادا دژایەتی ئەم تێزە بکات، دەسەڵاتی سیاسیی و هێزە دژبەیەکەکان

کەدەگەنە ئەو ئاستەی شێوەیەك لەپەیمان و تەحالوفات ئیمزا بکەن، هەوڵدەدەن بە پرۆسەیەکی خێراو بروسکەیی، هەموو ئەو ناکۆکیانەی هەبوون بخرێنە ژێر گڵەوە. دەستوری فەرەنسی لە ١٨١٤ تاوەکو ١٨٣٠ لەوبڕوایەدا بوو کەدەبێت دوای شەڕو هەرا ناوخۆییەکان، ئەو ڕابوردووە باسنەکرێت و لەبیربکرێت ، بەمانایەکی دیکە ڕابوردوو بەدەستلێنەدراوی بمێنێتەوە، تەنانەت لەمێژووی هەرە نێزیکدا لەئیسپانیای دوای حوکمی فرانکۆدا دەزگای دەوڵەت لەوبڕوایەدا بووە، دەستلێدانی ئەو مێژووە ، دەبێتە هۆی زیانی گەورەی سایکۆلۆژی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی. ڕوسیای دوای سۆڤیەتیش هەوڵیدا زۆر نەچێتە ووردەکاریەکانی ڕابوردووە، هێندەی کاری لەئێستاداکردووە.بەگشتی هەموو هەوڵە سیاسییەکان بۆ ئەوە بوون، بەشێکی زۆری ئەو ڕابوردووە لەبیربکرێت، یاخود لەخەوێکی ئەبەدیدا بەجێبهێڵرێت.

خودی ئەم بۆچوونە سیاسیە لەسەرێکەوە لەگەڵ دەستەواژەی ئادۆرنۆ دا دژبەیەکەو لەڕوویەکی دیکەوە لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە، مادامەکی هەموو هەوڵەکان گوزارشتی ئادۆرنۆ بۆئەوەیە ڕابوردوو لەبیربکەین و بۆ هەتاهەتایە بیسڕینەوە. لێرەوە جیاوازی لەنێوان تێزی سیاسی و تێزی ڕۆشنبیری ڕەخنەیی زەقدەبێتەوە ، بەمەرجێك هەردوولا لەسەر لەبیرکردنی ڕابوردوو یەکدەگرنەوە!. ئەوەی کێشەیە لەنێوان ئەم دووبۆچوونەدا ئامانج نییە، کەلەبیرکردنی ناسۆری و کێشە دێرینەکانە، بەڵکو خودی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەییە کەدەبێت لەپێناو لەبیرکردنەوەی ڕابوردوو ئەنجامبدرێت. ئەو پرۆسەیەی کەئادۆرنۆ بەپرۆسەی (دووبارە پەروەردەکردن) کاری تێوریی لەسەر کردووە. ئەم دووبارە پەروەردەکردنە بەڕای ئادرنۆ ڕوونادات تاوەکو ئێمە لەهەموو ئەو میکانزمانە تێنەگەین کەبۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی وەك (ناسیونال سۆسیالزم ) و هاتنە سەرکایەی نازیەت بۆ سەر حوکم، پرسیاری ئادۆرنۆ خزمەتی بەسیاسیکردنی ئەو دۆزە ناکات، کەجولەکەکان لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە لەپێناو شەرعیەت دان بە زایۆنیزم و ئیسرائیل، بەردەوام ماکینەی پڕۆپاگەندەیی خۆیانی پێ وزەبەخش کردووە. بەڵکو کارکردن بوو لەسەر کارەساتی (هۆلۆکۆست ) و قەلاچۆی ملیۆنەها جولەکە لەڕووی فیکری و ئەخلاقیەوە، لەڕووی ئەوەی کەچ میکانیزمێك ئەو هێزی کوشتنەی لەنێو خودی مرۆڤی ئەڵمانیدیدا جولاندووە، کەنەك تەنها نازیەت

هەڵبژێرێت، بەڵکو بە بێدەنگبوون یان نکوڵیکردن، تەنانەت بەشداریکردنی ڕاستۆخۆکردنی بووە لە قەلاچۆی ملیۆنەها مرۆڤدا. ئادۆرنۆ لەو بڕوایەدایە: پیاو دەبێت هەوڵبدات لەو میکانزمە نێزیك بێتەوە، کە ئەو وزەیەی بەخشیوە بەمرۆڤەکان کاری ئاوەها دزێو ئەنجامبدەن...

پرسی ئادۆرنۆ لەم تێزەدا، پرسی هەڵوەشاندنەوە و خۆگوتەنی (خەت بەژێر هێنانی) ئەو بەشە دزێوانەی ڕابووردوی کۆمەڵگەیە. ئەو وزەیەی وایکردووە کەمرۆڤی ئەڵمانی لەپێچێکی مێژوویدا سەربازگە و کورەی گازی کوشتنی بەکۆمەڵ بۆ جولەکە دروستبکات کەبە(ئاوس شڤیتز ***Auschwitz***) ناوبانگی دەرکردبوو. پرسی ئادۆرنۆ پرسی ئەوەبوو چی والەمرۆڤەکان دەکات بەشدار بێت لە دزێوترین کارەساتی مرۆییدا، ئەو میکانزم و مەرج و کەش و هەوا سیاسی و ئایدۆلۆژیە چییە؟ بۆتە هۆی بەئاسایکردن و نۆرمالیزەکردنی کارەساتی کوشتن؟، یاخود ئەو پرۆسەی کەدەتوانم بە (ڕەوابوونی کوشتن) ناوی بەرین. ئەمانە هەمووی لەخزمەتی پەروەردەکردنی نەوەی نوێیە بۆ هەستانەوەی کۆمەڵگەو دووركەوتنەوە لە هەل ومەرجەکانی ڕابوردوو کەلەئێستادا میکانزمی کارکردنی خۆیان درێژە پێدەدەن، ئادۆرنۆ پێیوایە کەکۆمەڵگە ناتوانێت داهاتووی هەبێت ، تاوەکو خۆی لەو میکانزم و بیروڕایانە قوتار نەکات کەئاسەواری درێژبوونەوەی هەیە لەسەر ئێستا، ناتوانرێت ڕابوردوو لەبیربکەین تاوەکو ئێمە بەپرۆسەیەکی دادگایکردنێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ڕابوردوودا تێپەڕنەبین، دەبێت ڕابوردوو زیندووبکرێتەوە لەپێناو کوشتن و بەنجکردنێکی ئەبەدیدا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ، ئەو دیدە سیاسیەی لەکوردستانی ئێمەدا لەو بڕوایەدایە کەدەبێت بەردێك بخەینە سەر ڕابوردوومان دیدێکە بەشێکی زۆر لەسیاسیەکانی دنیا لەئەزمونی خۆیانەوە لێی پەشیمانن، چونکە ڕابوردوویەك موکاشەفە نەکرێت و خەتی بەژێریدا نەهێنرێت و پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بینانەکرێت ، دەبێت بەو ژەهرەی بەلەسەرخۆیی هەموو جەستە دەکوژێت. بەتایبەت کاتێك ئەو ژەهرە، ژەهری ئەقڵیەتی بەعس بێت لەئەزمونێکی کۆمەڵایەتی و حوکمی سیاسی زیاتر لە سی ساڵ، کەتەشکیلەیەك لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسی بەرهەمهێناوە. لەو بڕوایەدا نیم ئاوەها بە لاچوونی فیزیکی بەعسیەت لە ئێراق و کوردستاندا ئاسەوارەکانی لەناوبچن، دادگایکردنی بەعس تەنها بەلەسێدارەدانی سەرانی

بەعس کۆتایی نایەت، بەڵکو بەکارکردن لەسەر هەموو ئەو قۆناغە تاریکەی کەمرۆڤەکان لەژێر سێبەریدا ژیانینان بەسەر بردووە. بەعس تەنها تایبەت نەبووە بەنەتەوەیەکی دیاریکراو و مەزهەبێکی دیاریکراو، بەڵکو بەعس بەدیوێکی دیکەدا تەشکیلەیەکی گەورەی پەروەردەیی و نەتەوەچێتی و عەشیرەتگەری و تۆتالیتاری و حوکمی خێڵەکان بووە. سەدامیش تەنها دیکتاتۆر نەبووە ، ئەوەندەی کۆرپەبوون و بەرجەستەبوونی هەموو ئەو دیکتاتۆرە بچوکانەیە کەلەکۆنەست و نەستی هەموویەکێکدا بوونی هەبووە، سەدام لەهەموو پۆل و قوتابخانە و فەرمانگە و نوسینگە و تەنانەت نێوەندە بەنێو ڕۆشنبیریەکەش ئامادەگی هەبووە و تائێستاش خۆی بەرهەم دێنێتەوە. گرفت لەوەدایە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سەدامیش بەکوردو ئەوانی دیکەوە، بەهەمان ڤایرۆسی بەعسیەت و پان عەرەبیزم توشبوون. بەگشتی بەعسیزم و بەعس تەنها ئایدۆلۆژیەك نەبووە تایبەت بە دەستەیەکی دەسەڵاتداری سیاسی ، بەڵکو هەڵقولاوی کۆنەست و پێکهاتە پڕکێشەکانی کۆمەڵگەی ئێراقی بووە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێراقی چەندە یارمەتی بەعسی داوە بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەکانی دەسەڵات ، ئەوەندەش بەعس وەك خۆی توانیویەتی کارلەسەر ئەو پێکهاتەیە بکات و پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان بگۆڕێت و دەستکاری بکات. بەدیوێکی تردا، ڕابوردووی تاڵی بزوتنەوەی کوردایەتی و ژیانی ناوخۆیی لەنێو ئەم تەشکیلەیەدا، ڕابوردوویەکە هێشتا برینەکانی دەم کراوەن، هەتاوەکو هەموو خەتەکان نەهێنین بەسەر ئەو بەشانەی کاریگەری نێگاتیڤانەی لەئێستادا درێژبوونەوەی هەیە، ناتوانین ئاوەها بەئاسانی لەبیری بکەین .دیارە بۆ ئەم پرۆسەیەش پێویستمان بەکولتورێکی دیموکراسیانە هەیە بۆ ئەوەی ڕابوردوومان لەسەرخۆ یەکلابکرێتەوە،چ نەبێت ، پێویستیمان بەپەراوێزێکی ئازاد هەیە بۆ ئەوەی بتوانین کولتورێك و تەقلیدێکیش پێکبهێنین بۆ یەکلاکردنەوەی ڕابوردوو. ئەو ڕابوردووەی تاوەکو کاری لەسەر نەکرێت ، میکانزمی هەبووی بەشێوەیەکی دیکەو لەفۆرمێکی تردا خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەم پەراوێزە ئازادە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیە لەم دەڤەرەدا فەراهەمی بکات، چ بۆ خۆی و ژیانی نێوخۆی دەسەلات و چ بۆ دەرەوەی خۆی ، مادامەکی ئەم دەسەڵاتە بڕیاری داوە دیموکراسی بێت!.

بۆچوونێکی ترسناکە لەوبڕوایەدا بین هەڵدانەوەی فایلەکانی بەعس لەنێوخۆماندا مانای زیانبەخشینە بە پرۆسەی دیموکراسیبوون و کوردایەتی، کارێکی هەڵە

دەكەین قەمتەر لەدەمى ئەوانە بدەین دەیانەوێت قسەبكەن و لەسەر هەڵەكانى ڕابوردوو بدوێن. دەكەوینە نێو چاڵەكانى ڕابوردوو، گەر هاتوو بەردەوام بە پوش وپەڵاشى لەبیرچوونەوە دایپۆشین. ئەو بۆچوونەوى پێیوایە دەبێت ڕابوردوو بە دەستلێنەدراوى بمێنێتەوە ،ماناى كەڵكەبوونى هەڵەو ناشرینیەكانە لەنێوماندا، كە لە دواجاردا دەبنە گرفتى سیاسى و كۆمەڵایەتى و ئەخلاقى گەورە. ئەوەى ئەمرۆش لەم دەڤەرەى ئێمەدا دەبینرێت، ئەو كەڵكەبوونەى ڕۆژ لەدواى ڕۆژى تراژیدیا و هەڵەكارى سیاسى و كۆمەڵایەتیە، بەجۆرێك كە وەحشى گەندەڵى بەرهەمهێناوە و ئەگەرى ئەوەشى هەیە لەداهاتوودا ببێتە فەوزایەكى ترسناك. دەسەڵاتى سیاسى لەم دەڤەرەدا فێرە ڕاكردنە لەڕابوردووى خۆى،ڕابوردوویەك كە تاوەكو ئێستا خەڵكى كوردستان قسەى لەسەر دەكەن، هەر لەجیابوونەوەى دووباڵى مەلایى و جەلالیەوە لەنێو مەكتەبى سیاسى پارتى دیموكرات لە شەستەكانەوە بیگرە، تاوەكو دروستكردنى مۆدێلى ئیغتیالاتى سیاسى و ئاشبەتاڵ و نسكۆ و دووبارە شەڕى ناوخۆى هەشتاكان و پشت ئاشان و پاڵدانەوە بەدەزگا موخابەراتى و ئیتلاعاتیەكان بۆ یەكلاكردنەوەى ناكۆكیەكانى نێوخۆ، تادەگاتە شەڕە ناوخۆیەكانى ئەم دوایە و سى ویەكى ئاب !. ئەمە جگەلەوەى بەهەزارەها جاش و كۆنەبەعسى و فایلدار و ئەنفالچى لەم نێو سێنتەرى دەسەڵاتى كوردیدا جێگەى خۆیان كرۆدتەوە، بەجۆرێك نەك هەر كولتورى بەعسیزمى ئۆرگینال و ئەسڵ ئامادەیە، بەڵكو بۆتە هۆى ئەوەى كولتورى ماستاو ساردكرنەوە و پیاهەڵدان بگاتە ترۆپكێكى دزێو . سەرۆك جاش و پیاوكوژانى دوێنى لەسەروو هەموو یاساو دەستورێكەوە بەئاسوودەیى لەنێو دەسەڵاتدا ئیمتیازاتیان پێبەخشراوە و ئازادترین كەسى ئەم كۆمەڵگەیەن . ئەم هەموو ناشیرینیە لەكۆمەڵگەى ئێمە نەك هەر ماوەتەوە بەڵكو خۆیشى دووبارە دەكاتەوە، فۆرمى نوێ دەگرێتە خۆى ، بەجۆرێك كەئێستا خەڵكى لەم فەوزایەدا، مرۆڤى سادە خەون بەزەمەنى بەعسەوە ببینێت، مادامەكى بەعسێكى پەتەڕى عادى لەنێوماندا دێت و دەچێت ، ئیدى بۆچى بەعسێكى ئۆرگینالى دەوڵەتیمان قبوڵ نەبێت، ئەم دیدە زۆر تراژیدى و ترسناكە.

ئیدى كاتێك دەسەڵاتى سیاسى ئاوەها بێئاگایانە نەك هەر نایەوێت ئەم كەڵەكەبوونە چارەسەر بكات و میتۆدێكى ئەقلانیانە پیادەبكات بۆ خەت هێنان بەڕابوردوودا، بەڵكو بەردەوامیشە لە خۆگێلكردنى پاشماوەكانى بەعس و فایلداران و دوژمنگەرایى كەڵەبووى شەڕەناوخۆیەكان و گرفتەچارەسەنەبووەكانیان. ئەوادەبینین ڕۆژ بەڕۆژ لەهەموو بوارە كۆمەڵایەتى و پەروەردەیى و تەندروستى و بوارە زیندووەكانى كۆمەڵگەى كوردیدا كێشە و مل ملانێیە دێرینەكان و هەڵسو كەوتە دێرینەكانى بەعس و پەیوەندیە ئیدارەیەكانى نێوان خەڵك و دەزگا ڕەسمیەكان و خەڵك و دەسەلات لە تیژبوونەوەدایە. ڕابوردوو لەكوردستانى ئێمەدا ئەوەندە ئامادەیە، خێڵ لەو پەڕى هێزیدایە وەك لەجاران، بەعس وەك بنەماو میكانزم لەجاران بەهێزترە و لەهەموو بوارەكاندا كارى خۆى دەكات، شەڕە ناوخۆیەكان و كاریگەریان لەسەرمان ئەوەندە ئامادەیە كە شارێكى وەكو سلێمانى لەلایەن حكومەتى هەولێرەوە ئەوەندە فەرامۆش كراوە و بەرەو كەلاوەیى دەڕوات. ئەوەندە هێزى ئاسایش بۆ سەركەوتكردنى دەنگى ئازاد و ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیرانى ئازاد وزەى خۆى تەرخانكردووە ، ئەوەندە گەشەسەندنى فەندەمێنتالى ئیسلامەوى لەلا گرنگ نیە!. لەم وڵاتەدا ڕۆژنامەنوسێكى زیندانى دەكرێت و فایلچى و كۆنەبەعسى بە چەپڵەوە پێشوازى لێدەكرێت. بژى قائیدى ئەبەدى و سەركردەى هەموو دنیا و كولتورى ماستاوكردن نەك هەر فەسڵێكى ناهەموارى ڕابوردوومانە، بەڵكو بۆتە مۆدێلێكى سیاسى و زمانى هاوبەشى زۆربەى كادێرانى سیاسى لەم دەڤەرەدا..ئیدى ئێمە نەك ئێستامان ونكردووە ، بەڵكو ڕابوردووش بەهەموو ناشیرینەكانیەوە كۆنترۆڵى كردووین.

لە(ئادۆرنۆ) وە فێر دەبین كەسیستمێكى سیاسیى و ئیدارى و كۆمەڵایەتى ناتوانێت خۆى بینابكاتەوە، تاوەكو ڕابودوو بەتەواوەتى لەبیرنەكات، ئەویش ماناى كەڵكەكردنى ڕابوردوو نیە، داپۆشینى ڕابوردوونییە بەپڕوپاگەندەى سیاسیى ،بەڵكو دەستپێكى كارێكى هاوبەشە بەهەمووان بەشداربین لەهەڵدانەوەى هەموو فەیسە پڕهەڵەكانى. بۆ ئەوەى ئێستایەكى دیموكراسى دروست بكەین ، سەرەتا پێویستمان بەپەراوێزێكى ئازاد هەیە بۆ ڕۆژنامەگەرى بۆ ئەوەى بتوانێت ڕابوردووى تێدا ڕۆشن بكاتەوە. ئەم پڕۆسەیە تەنها پڕۆسەیەكى سیاسى نییە، بەڵكو پڕۆسەیەكى پەروەردەیى و ئەخلاقى گەورەیە، كاریگەرى دەبێت بۆ سەر پێكهاتەى سایكۆلۆژى كۆمەڵگە، چیدى مرۆڤەكان بوغزو كینە لەخۆیاندا قەتیس ناكەن و بە وەحشیەتەوە لەنائاگایەكدا هەموو پەیوەندیە جوانەكانینا ناشیرین ناكەن ، چیدى هاوڕێكان لەپڕێكدا نابنە دوژمنى سەرسەخت لەگەڵ یەكدى، چیدى ڕابوردوو نابێتە هۆى بەرهەمهێنانى دوژمنایەتیەكى بەردەوام كەوەك میراتیەكى ڕەش بۆنەوەكانى داهاتوو بمێنێتەوە، چیدى ڕابوردوو نابێتە ئەو بەعسیەى لەهەموو شوێنێكدا سەما بكات.

ئەم تیزەى ئادۆرنۆ (كاركردن لەسەر ڕابوردوو) پڕۆژەى نەوەكان بوو بۆ بیناكردنى كۆمەڵگەیەكى ئازاد. نەوەى دواى نازیەت، بەتایبەت نەوەى شۆڕشى ١٩٦٨ بەهۆشمەندیەوە و لەژێر كاریگەى تێزەكانى قوتابخانەى ڕەخنەیى فرانكفۆرت، لاپەڕەكانى نازیەتیان هەڵدایەوە، كێشەكانى دواى جەنگ و كاركردن لەڕابوردوودا و كێشەكانى نەوەى دواى جەنگە لە بەرامبەر پاشماوەكانى نازیەت و نەوەكانى جەنگ و پیرەكانى ناسیونال سۆسیالزم كەلێرەو لەوێ لەنێو دەسەلاتى نوێدا مابوونەوە، ئەو هێڵەسەرەكیانە بوون كەنەوەى نوێ كاریان لەسەر دەكرد.هەر بۆیە سەیر نەبوو ئەم زۆرانبازیانە بە شەڕى نێوان كوڕو باوكەكان لەقەڵەمبدرێ. جێگەى ئاماژەپێدانە بڵێین كەتاوەكو ئێستاش ئەم گەڕانە بەدووى ناشرینیەكانى ڕابوردوو بەردەوامە، گەڕان بەدواى ئەو میكانزمەى (ڕەوابوونى كوشتن) ى كردبووە كولتێكى سیاسى و عورفێكى ئاسایى.

لەسەر ڕۆشنایى ئەو تیزانەى باسمكردن، دەتوانین بڵێین : بەشێكى زۆرى ئەم پڕۆسەى كاركردن لەڕابوردوودا ، بەسەرشانى ڕۆژنامەو میدیاى ئازادەوەیە، ئەركى ڕۆژنامەگەرى كوردى لەم قۆناغەدا ڕۆشنایى خستنە سەر سووچە تاریكەكانى ڕابوردوومانە، ئەمە هەڵكردنەوەى فیتنە نیە لەم دەڤەرەدا ، بەقەد ئەوەى خزمەت بە فراوانكردنى سنورەكانى لێبوردنى سیاسى و كۆمەڵایەتى و سایكۆلۆژى مرۆڤى كورد دەكات. لەبەر ئەوە سەیر نیە تاوەكو ئێستا كولتورى سیاسى ئەڵمانى شانازى بكات بەهاتنە سەر ئەژنۆى سەرۆك وەزیرانى ئەوساى ئەڵمانیا (ڤیلى برانت) لەبەردەم پەیكەرى قوربانیەكانى نازیەت لە پۆڵۆنیا، شانازى بەو كولتورەوە بكات كە داواكردنى لێبوردنى كردۆتە عورفێكى سیاسى . سەیر نیە ئەم داواى لێبوردنە گەر دواى دەیان ساڵ بێتە عورفێكى دیموكراسخوازانە، ببێتە پێكهاتەیەك لە شەفافیبوونى پەیوەندى نێوان مرۆڤەكانى كۆمەڵگە و دەسەلاتى سیاسى و ئاینى و كۆمەلایەتیدا ڕەنگبداتەوە،داوى لێبوردن ببێتە پێكهاتەیەك كە ڕۆژنامەگەرى و میدیاى ئازاد بەهەڵدانەوەى ڕابوردوو، ڕۆلێكى بەرچاوى تێدا دەبینێت،ڕۆڵى ئاشكراكردنى ناشرینیەكانى ڕابوردوومان . ئەمانە هەمووى بەتەعبیرى ئادۆرنۆ: ڕێگەگرتنە لە گەڕانەوەى بەربەریەت..